سەید حەکیم داوا لە گەنجان دەکات دەستپێشخەری بکەن بۆ پێشخستنی تواناکانیان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نەوەکان

بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەولەت باسی گرنگی کامڵ بوونی لەنێوان نەوەکان کرد و داوای لە لاوان کرد دەستپێشخەری بکەن و توانای خۆیان پێشبخەن و لەهەمان کاتیشدا سوود لە ئەزموونی خاوەن تاقیکردنەوە و کەسی بەهرەمەند وەربگرن، هەروەها جەختی کردەوە لە پێویستی فرەکردنی ئابووری عێراق و نەهێشتنی گەندەڵی و چاککردنی سیستەمی بانکی.

ئەوە لەکاتی دیداری سەماحەتی حەکیم بوو لە دیوانی بەغدا کە کۆمەڵێك نوخبە و لاوی بەهرەمەند ئامادەی بوون، سەماحەتی پرسەی بەبۆنەی چلەی ئیمامی حوسێن و یادی کۆچی دوایی پێغەمبەری مەزن(د خ) دووپات کردەوە و ستایشی چلەی کرد و بە گەورەترینی هەموو جیهانی وەسفکرد لەڕووی کاتی سالانە و بەخشیندا، ڕوونیشی کردەوە ئەوە بووەتە ناونیشانی دڵباشی عیراقییەکان و رەوشتی بەرز و پیاوەتییان جگە لەوەی کە دیاردەیەکی مرۆییشە.

لاوان کۆلەکەی نیشتمانن.

سەبارەت بە لاوان، بەڕێز حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە لاوان بڕبڕەی پشتی میللەتن، بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی بەرزیان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، داوای وەبەرهێنان لە تواناکانیان کرد و بەکۆڵەکەی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوەی وەسفکردن، گوتیشی عەلی زەیدی سەرۆك وەزیران و چەندین بەرپرسی دیکەی لاو هەلی خۆیان وەرگرتوە و توانوویانە بیسەلمێنن کە توانای خزمەتکردنی زۆر باشیان هەیە، گوتیشی لاوان هەلی خۆیان وەرگرتووە .

تەکاموڵی نەوەکان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکان

سەرۆکی هاوپەیمانی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت جەختی لە گرنگی یەکگرتنی نەوەکان لە نێوان گەنجان و پیشەگەرە بەئەزموونەکاندا کردەوە و ڕوونیکردەوە کە ئەم یەکگرتنە نوێنەرایەتی شێوازێکی ژیان و پراکتیکێکی دامەزراو دەکات لە هەموو لایەنەکانیدا، هەروەها دووپاتی کردەوە کە پێویستە سود وەرگرتن هەبێت لە ئەزموونی پسپۆڕان و ئەوانەی شارەزایی و لێهاتوویی هەیە، هاوکات پەسەندکردنی یەک ستانداردی بۆ ڕەوانەکردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشینی ڕەتکردەوە و داوای لە گەنجان کرد، لە بەرامبەردا،

دەستپێشخەری بکەن دوای ڕاهێنان و گەشەپێدان، و کار لەسەر بەرزکردنەوە و باشکردنی تواناکانی خۆیان بکەن.
قەیڕانی ئابووری هەلێکە بۆ فرەیی ئابووری

سەبارەت بە دۆخی ئابوریشدا سەید حەکیم ڕوونی کردەوە کە عێراق بە قۆناغێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت لە ئەنجامی وەستانی هەناردەکردنی نەوت، ئاماژەی بەوەشکرد، پرسی مووچە خەمی سەرەکی دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی جێبەجێکردنەکەیە، جگە لە پێویستی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و بەڵێندەرایەتی، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئەوان لە هاندانی ئابووری....
سەماحەتی هیوای خواست دۆخی ناوچەکە بەرەو باشی بڕوات لەسایەی ئەو فشارەی گەرووی هورمز خستوویه□ت□ سەر ئابووری جیهان و داواشی کرد سیستەمی بانکی چارەسەر بکرێت.
دووپاتیشی کردەوە کە ئەو قەیرانەی ئێستا هەیە هەلێکە بۆ فرەکردنی دەروازەکانی هەناردەکردنی نەوت بەرەو هەردوو دەریاری ناوەراست و سوور، هەروەها دەبێت لە دەوڵەتی یەك داهات دوور بکەوینەوە و بەرەو ئابووری□کی فرە برۆین کە پیشەسازی و کشتوکال و گەشتیاری و تەکنەلۆژیا ڕوونیشی کردەوە کە ئەوانە وایان کردوە کەسایەتییەکی شایستە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە ڕابسپێرین.
ئازادی بڕیاری عێراق و دوور کەوتنەوە لە تەوەرەکان
لەڕووی سیاسییەوە سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە بەرژەوەندی عێراق لەوەدایە بڕیاری سەربەخۆی سیاسی هەبێت و لەسەر هەموو تەوەرەکان کراوە بێت.

سەبارەت بە گروپە چەکدارەکان، سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر پێویستی سەیرکردنیان کردەوە کە وەک گروپێک شەهید و قوربانییان داوە بۆ بەرگریکردن لە عێراق لە دژی داعش، بە ئاماژەدان بە وێنەی شەهیدان کە شەقامەکانی شارەکانی عێراق پڕ دەکەنەوە، بەڕێز سەید حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە عێراق ڕکابەری ئەمنیی تێپەڕاندووە و نزیکە لە کۆتایی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لەسەر خاکەکەی، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دووپاتیشیکردەوە کە پرسی چەک لە چوارچێوەی هێزەکانی کۆکردنەوەی جەماوەریدا چارەسەر دەکرێت، بەڕێزیان گوتیشی زەروورەتی چارەسەرکردنی پرسی چەک لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و یەکەمایەتی دان بە بەرژەوەندی گشتی لەسەر بەرژەوەندی تایبەت، هەروەها جەختی لە گرنگی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕێگایە کردەوە، هەروەها سەماحەتی هۆشداری دا لەچەند هەوڵێك کە دەیانەوێت هەموو شتێك بەشەیتانی بکەن و بەگرمگی زانی مامەڵە لەگەڵ ڕکابەرییه□کان بەرۆحی بەرپرسیارییەت و باڵادەستکردنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر تایبەت بێت.